# گەنج لە نێو هاوکێشەکانی ژیاندا

لە کۆمەڵگایەکدا کە تازە لەسەرە رێی کرانەوە و پەیڕەدن بە پێشکەوتن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کێشەکان و پەراوێز خستنی گەنج، ئەمەش بە سەرەتایەکی خەتەرناك دادەنرێت بۆ داهاتەی ئەم وڵاتە، ئایە ئەم پەراویزخستنە لە چیەوە سەرچاوەی گرتوە؟، بڵێی کاریگەری ململانێی نەوەکان بێت، کە ئەمەش پێشینەیەکی دوری هەیە و لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا ئەم ململانێیە بونی هەبووە، یاخود حاڵەتێکی لێکتێنەگەشتنە کە ئەمرۆ سەراپای تێڕوانینەکانی گرتۆتەوە، ئایە گرفتێك هەیە لە نێوان گەنج و دەسەڵاتدا؟، یاخود دیسانەوە نا تێگەشتنێك هەیە، ئەرکی دەسەڵات چیە لە بەرانبەر ئەم قەیرانەدا و دەبێت ئەرکەکانی سەرشانی گەنجانیش چیبن و چۆن جێبەجێیان بکات؟، دەست پێکردنەوەی کۆچی بەلێشاوی گەنجان بۆ؟، ئەی ئەو بەراوردکاریانە چین لە نێوان ژیان و تێڕوانین و تێفکرینەکانی گەنجانی ئێرە و گەنجانی وڵاتانی پێشکەوتوو، کۆمەڵگە چۆن دەڕوانێتە هەڵسوکەوتەکانی گەنج.

ئەمانە و چەند بابەتێکی تری تایبەت بەم کێشەیە لەم تەوەرەدا دەخەینەڕو، بەڵام ئەوەی کە جێگەی ئاماژە پێدانە ئەم تەوەرە کاری نزیکەی 6 مانگە و لە ڕێگەی رۆژنامەی جەماوەرەوە خستومانەتەڕو، بۆیە بە پێویستی دەزانین جارێکی تر لە ڕێگەی سایتی دەنگەکانەوە دوبارە بیخەینە ڕوو، چونکە ئەوەی هەستی پێدەکەین بەردەوامی ئەو گرفتانەیە و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا دوبارە بونەتەوە.

سازدانی تەوەر : ڕێبوار ڕەزا چوچانی : rebwarreza1983@yahoo.com

....................................................................................

"8"

**عەبدولسەلام مەدەنی:**

## حکومەت و ڕێکخراوەکان هەندێك کاریان بۆ لاوان کردووە بەڵام کێشەکە لەوەدایە لە نێوان هەردووولادا ڕۆڵەکان دابەش نەکراون



*سەرەتا با لەوێوە دەست پێبکەین، هەڵسوکەوتی توێژەکان بە گشتی جیاوازی هەیە چونکە دەکرێت توێژێك بە هەڵسوکەوتەکانی لە توێژەکانی دیکە جیابکرێتەوە، بەڵام ئایا کۆمەڵگە بە گشتی چۆن دەڕوانێتە هەڵسوکەوتەکانی گەنج و چۆن تەفسیر بۆ هەڵسوکەوتەکانی دەکرێت؟

– ئێستا بە چڕی باس لەم توێژە دەکرێت، بێگومان ئەم باسانەش لەم کاتەدا ئاسایی و سروشتییە، چونکە بە گشتی کۆمەڵگەی عێراقی و کۆمەڵگەی کوردستانیش کە هەرچەندە ئەمەی دوایی زووتر ئەو پرسەی خستۆتە نێو قسەوباسەکانیەوە، کە چ شوناسێکی نوێ بۆ ئەم کۆمەڵگەیە بدۆزینەوە و ئێمە

بەرەو کوێ دەچین؟ ئەگەر ئێمە بمانەوێت شوناسی دوارۆژی کۆمەڵگەکەمان دیاری بکەین، ئێستا دەبێت ئەوە بزانین چ جۆرە تۆوێك لە خاکی کەسایەتی تاکەکان و هاووڵاتیانی کۆمەڵگەکەدا وەشێنراوە، بە مانایەکی دیکە لاوان و گەنجان هەڵگری چ جۆرە هزر و بیرێکن، کەواتە ئەم گفتوگۆیە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بزانین بە چ شێوەیەك مامەڵە بکەین تا گرەنتی دوارۆژی کۆمەڵگەکەی خۆمان بکەین و بە راستی تێبگەین کە لەسەر رێگەی راستین و بە تێپەربوونی کات زیاتر خۆمان بدۆزینەوە و زیاتر خۆمان بچەسپێنین لەنێو کۆمەڵگە نێودەوڵەتییەکاندا و بەوەش بتوانین ببینە ژمارەیەك لە هاوسەنگییەك. لە کوردستاندا ئەوەی دەکرێت بۆ لاوان قسەی زیاترە لە کردار، زۆر قسەوباس هەیە، زۆر رێکخراو هەیە، زۆر کۆنگرە دەبەسترێت، واتە لە بواری دروشمدا قسەوباسێکی زۆر هەیە، من مەبەستم ئەوە نییە بڵێم قسەکردن خراپە، بە دڵنیاییەوە قسەکردن لە واقیعێکی دیموکراسیدا پێویستە بۆ ئەوەی لە یەکتر حاڵی ببین، پێش ئەوەی دەستبەکار بین و تێروانینێکی روونمان هەبێت، بەڵام لە روانگەی منەوە قسەمان زۆر کردووە و گۆشەنیگاکانیش روونبۆتەوە، بۆیە ئیدی پێویستە هەنگاو بنێین، لەگەڵ ئەوەشدا بۆچی دەستپێناکەین؟ ئەمە پرسیارە گەورەکەیە کە رەنگە جێی باس بێت و پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین.

* باسی ئەوەت کرد کە وتن زۆرترە لە کردار، کردارەکان پێتوایە دەبێ چۆن هەنگاوی بۆ بنرێت، بۆ ئەوەی بچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، واتە ئەو کردارانە چین کە پێویستە بگیردرێتە بەر کە لە ئاستی چارەسەری کێشەکانی گەنجان و لاوان بە تایبەتی و تاکەکانی کۆمەڵگە بە گشتی بن؟

– گەر جەخت لەسەر لاوان و گەنج بکەینەوە، من وا دەبینم وەك گوتم ئەوەندەی قسە و هزر هەیە، دامەزراوەیش هەیە، خۆشبەختانە ئێستا وەزارەتی لاوانیش هەیە، کە خاوەنی کۆمەڵێك خواست و ئاواتی گەورەیە، لە رووی دامەزراوەیی و لە رووی بیرۆکە و بیرەوە من وا رانابینم کە کەمتەرخەمی و کورتی هێنابێت، بەڵام پێویستە بە راستی ئەو دامەزراوە و هزرە جیاجیاکان بێن پێکەوە پلانێکی ستراتیژی دارێژن، خاڵبەندی ئەم هزرانە بکەن، دەورەکان لەسەر ئەم دامەزراوە و دەزگایانە دابەش بکەن، من ناڵێم دەبێ هەموو شتەکە لە حکومەتەوە بێت، چونکە پێمخۆشە هاووڵاتی و کۆمەڵگەی مەدەنی بەشداربێت لە دروستکردنی بریار، لە جێبەجێکردن بەشدار بێت، گەر هەمووی بخرێتە ئەستۆی حکومەت، رەنگە حکومەت ئەوانە نەخاتە نێو بەرنامە بەراییەکانی خۆیەوە، کاتێ دەڵێین کۆمەڵگەی مەدەنی واتە کارکردن لەسەر ئەو پەیامانەی کە لە بواری تایبەتمەندی خۆیدا دەسورێتەوە و دەیچەسپێنێت، کەواتە دەبێت ئەو لایەنە لەگەڵ ئەو هاووڵاتیانەش کە مەبەستیانە بەشداربن، پێکەوە کۆببنەوە و خاڵبەندی ئەو هزرانە بکەن و

قۆناغەکان بنووسن، من بۆ خۆم ئومێدەوارم دوای ئەو کۆنگرەیە کە باسی چالاکییەکان بوو، هەنگاوی دیکە بنێت و چاوپێکەوتن و کۆبوونەوە هەبێت، چونکە تا ئێستا نەمبینیوە کە بزانین چی بکەین، ئەوەی بە جیدی باسی لێوەکراوە چالاکییەکانە، بەڵام با بڵێین ئەمە هەنگاوێکی باشە، خۆزگە دوای ئەمە وەزیر و هەندێ لەو دەزگایانە، بە تایبەت ئەوانەی تا ئێستا ئەکتیڤن، بێن پێکەوە دانیشن و بەراییەکانیان دەستنیشان دەکرد، بەوەی کە سەرەکیترین کێشە لە واقیعی لاواندا چییە دەستی بخەنەسەر، رەنگە لەوەشدا 20 لێکۆڵینەوە بکرێت، یا 30 بێت، یا 40 توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بێت، دواتر بێن بڵێن دوو کێشە لە سەرجەمی ئەو کێشانە بۆ ماوەی ساڵێك کاری لەسەری دەکەین، بۆ ئەوەی بەلانیکەمەوە وەڵامێکمان هەبێت بۆ ئەوەی کە دەپرسێ ئێوە چیتان کردووە. کاتێ کە وەزارەت دێت و قسەی لەسەر دەکات یان رێکخراوەکان، شتێك لەبەردەستیاندا دەبێت کە 20 خاڵ هەیە وەکو بەرنامەی بەرایی کارکردن بۆ واقیعی لاوان، بەڵام ئەمساڵ پلانمان بەو جۆرەیە و چارەسەری ئەو دوو کێشەیە بەو شێوەیە دەکەین، دوای تێپەڕبوونی ساڵێك وەزارەت یان ئەو دەزگەیە دەتوانن بڵێن دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر پلانی چارەسەر و کارکردنەکانماندا نەمانتوانی ٪90ی کێشەکە چارەسەر بکەین یاخود کاری تێبکەین بەڵام توانیمان بە رێژەی ٪60 ئەنجامی تێدا بەدەست بهێنین، ئەو رێژەیەی کە نەتوانراوە جێبەجێ بکرێت، هۆکارەکانی بخرێنەروو، بێگومان گەر کارەکان بەو جۆرە نەکرێن ئەوا هەر دەبێ بگەڕێینەوە بۆ قسە و دروشم و بەردەوام دووبارەی بکەینەوە کە لاوان هەوێنی هەموو گۆڕانکارییەکانن و ئێمە خەریکین بۆیان و چالاکی کراوە، ئیدی بەو جۆرە شیعارات هەر بەردەوام دەبێت و 100 ساڵیش تێدەپەڕێت و هێشتا لاوان و گەنجانی ئێمە لەنێو بازنەیەکی داخراو و بۆشدا دەسوڕێنەوە و کاریگەری نێگەتیڤیش لەسەریان دروست دەبێت چ بۆ ناوخۆ و چ بۆ دەرەوەش، چونکە چالاکیی گەنجان و لاوان نامێنێ، من رادەبینم ئەمە هەنگاوە پراکتیکەکەیە، من ناتوانم بڵێم دەبێت بەوە دەستپێبکەین و بەمە دەستپێبکەین، بەڵام دەڵێم ئەمە بۆچوونی منە و رەنگە بەرێزێکی دیکە بۆچوونێکی تری هەبێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت با بێن پێکەوە دابنیشین و کۆببینەوە تا بزانین بە چی دەست پێبکەین، بەراییەکانی هەنگاومان دەستنیشان بکەین و خاڵبەندی زەمەنی بکەین، ئەو کاتە ئەمە دەبێتە پرۆژەیەك و لەوێشدا بەشی حکومەت و بەشی رێکخراوەکان دیاری بکرێت، واتە ئەوەی لە ئەستۆی حکومەتدایە کە بیکات و ئەوەشی لە ئەستۆی رێکخراوەکاندایە بیکات، مەبەستمە بڵێم 3 مانگی تر دێین پێکەوە دادەنیشین بۆ ئەوەی بزانین چەند لە پرۆژەکەمان تەواو کردووە و دەستکەوتەکانمان چی بوون، ئیدی بەو جۆرە هەموو سێ مانگ جارێك کۆدەبینەوە بۆ خستنەرووی بەرەنجامی کارەکانمان و لە کۆتایی

ساڵیش کۆبوونەوەی کۆتایی دەکرێت بۆ ئەوەی بزانین ئەو دوو کێشە سەرەکییەی کە سەرەتا دیاریمان کرد کاری لەسەر بکەین، لە چارەسەر و کارکردن تێیدا گەیشتووینەتە چ ڕێژەیەك، ڕەنگە هەندێك بڵێت ساڵێك کەمە، ئاساییە با دوو ساڵ بێت، بەڵام هەر دەبێ دەسپێکێك هەبێ و ڕێککەوتنێك هەبێت لەسەر ئەوەی کە ئێمە بە چی دەست پێبکەین، چونکە ئەم دابڕانەی دروستبووە لەنێوان لاوان وەك ئەندامی نێو کۆمەڵگە و ئەو ڕێکخراوانەی کە بانگەشەی نوێنەرایەتی لاوان دەکەن، و تا ڕادەیەك لایەنگیرییەکی حزبییان هەیە، چونکە لەو مەسەلەیەدا دەبێ مامەڵەکە وەك لاو بۆ لاو بکرێت، بەڵام دەبینی لەوێدا هەندێ لایەنگیری دیکە ڕۆڵ دەبینێ و ڕەوشەکە بە جۆرێکی دیکە دادەڕێژرێتەوە، بێگومان سەرێکی هاوکێشەکە لەگەڵ حکومەتیشدایە، چونکە وا دەبینم دابڕانێك هەیە لەنێوان لاوان و حکومەتدا، لێکگەیشتن نییە، لە کاتێکدا ئەو ڕێکخراوانە وا نەهاتوون کە دژی یەك بوەستنەوە، مەبەستم هاوولاتییە لەگەڵ دەزگەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا لەگەڵ دەسەڵاتیشدا، ئەمانە دژی یەکتری نین، بەڵکو تەواوکەری یەکدین، بەڵام چونکە دانیشتن و پێکەوە ڕاگۆڕینەوە و کۆبوونەوەیان نەبووە، پێکەوە نەهاتوون پلان لەسەر ئەو کێشانە دابنێن، دەبینی هەر یەکێك قسە بۆ خۆی دەکات، هەر کاتێکیش کە پێکەوە کۆدەبنەوە تا ڕادەیەك دەبێتە شەڕە قسە و نەبۆتە هۆی ئەوەی لێکگەیشتنێك لەنێوان ئەو دوانەدا دروست بێت.

* ئێستا قسەیەك باوە لەناو توێژی گەنجاندا کە دەڵێن دەسەڵات هیچی نەکردووە، یان دەڵێن ئەو سەنتەر و ڕێکخراوانەی کە لە ڕێگەی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە کۆمەکی ماددی دەکرێت یان دەزگەی پەیوەندیداری دیکە یارمەتی و هاوکاری دەخاتە بەردەستیان، بۆیە هیچیان نەکردووە بۆ هوشیارکردنەوەی گەنجان یان نەیانتوانیوە داکۆکی لە مافەکانی گەنجان بکەن، ئەمەش دەسەڵات وا دەخوازێت لەبەرئەوەیش هاوکارییان دەکات، بەڵام لە بەرامبەردا کۆمەڵێك ڕێکخراوی ناحکومیمان هەیە هاوکاری ڕاستەوخۆ لە حکومەت وەرناگرن، ئەمانیش نەیانتوانیوە وەك پێویست چالاکی بنوێنن، کە کاریگەری هەبێت لەسەر بیر و هۆشی لاوان، تۆ ئەمە بۆ چی دەگێڕیتەوە؟

–بێگومان من حەزم لە گشتاندن(تعمیم) نییە، حکومەت توانیویەتی هەندێك چالاکی بکات، ڕێکخراوەکانیش توانیویانە هەندێ چالاکی بنوێنن، گومانم لەوە نییە و ئەوەش بۆ خۆی دیار و لەبەرچاوە، بەڵام ئەمە لە زانستی کارگێڕی و بەڕێوەبردندا پرەنسیپێك هەیە، بۆ ئەوەی ڕیفۆرمێك و ڕابوونێك دروست بکەیت، پێویستت بەوە دەبێت کە سەرەتا پلانت هەبێت یان نەخشەکێشان بۆ ئامانجەکەت، ئەوجا چالاکی دەنوێنی، واتە ئێمە دەبێ سەرەتا نەخشە و پلانی

خۆمان ئامادە کردبێت و لەسەر رۆشنایی پلانەکە چالاکی لەدایك دەبێت، کێشەی رۆژهەلاتی ناوەراست هەمیشە ئەوە بووە وەك من سەرنجم داوە، چالاکی هەیە، بەلام چالاکی پچڕ پچڕ و تەمەن کورت کە ناتگەیەنێتە دوا ئارامگە، هەر یەکە بۆ خۆی کار دەکات، ئێمە ئەگەر ویستمان رووبارێکی دەستکرد دروست بکەین، و پێنج هەزار کرێکارمان لەبەردەستدا بێت، گومانم نیە لەوەی کە ئەو کرێکارانەی بە کارەکە هەڵدەستن دڵسۆزن، هاتوونەتە نێو کارگە و هەر یەکە و کەرەستەی خۆی پێیە و ئامادەیە بۆ کار، گەر پلانێك نەبێت و کار دابەش نەکرێت، هەر یەکە لەلای خۆیەوە دەست بکات بە چاڵ لێدان و تەنیا بەوە بەرێبکرێن کە ئەم کارە زۆر مەزنە و خزمەتی هەمووانی تێدایە، دوای سالێك لە کارکردن یان چەند مانگێك بڕۆ سەردانیان بکە، هەریەکە بۆ خۆی لە رووبەرێکدا چاڵێکی لێداوە، واتە هەریەکە خەریکی ئەنجامدانی چالاکی خۆی بووە و پاش تێپەڕبوونی ئەو کاتەش کە هەموویان بەراستی ماندووبوون، ئەوەشی بۆ مەسەلە ماددییەکە هاتووە هەقی خۆی وەردەگرێت، بەلام دەرەنجام رووبارە دەستکردەکە دروست نەبووە بەو شێوەیەی کە بیری لێکراوەتەوە، ئەویش لەبەرهۆیەکی زۆر سادە: کە هەریەکەیان بۆ خۆی ئیشی کردووە، ئێمەش وەکو حکومەت و وەکو دەزگەکان چالاکیمان هەبووە، بەلام ئەوانە هەمووی نەهاتوون هەستن بە یەکخستنی هەوڵەکانی خۆیان، چونکە لەو مەسەلەیەدا دەبێ وا هەست بکەین کە هەموومان لەنێو یەك کەشتیدان و دەبێت دەورەکان دابەش بکرێت، ئەوەی تا ئێستا کراوە دابەشبوونی دەوری تێدا نەبووە لە پێناو یەك ئامانجدا، لەو بوارەدا چەندین مەسەلە کاری لەسەر بکرێت لەوانە مەسەلەی نیشتەجێبوون بۆ ئەوانەی تازە ژن دێنن، یان دۆزینەوە کار بۆ بێکارەکان یان پڕکردنەوەی بۆشایی لە ژیانی رۆژانەی لاوان، یاخود دۆزینەوەی لاوە بەهرەمەندەکان، کە بەراستی ئەمانە مەسەلەی سەرەکی کۆمەڵگەی ئێمەن. با یەکێك لەوانە بە نموونە وەربگرین:

مەسەلەی لە ئامێزگرتنی توانای بەهرەداران لای لاوان و لەو رووەوە دەزگەیەك دامەزرێنین و دەبێت چەندین بەشی هەبێت، لاوان بێن لەوێ توانای خۆیان لەوێ تاقی بکەنەوە. ئەوەی دەیبینین زۆر رێکخراو هەیە کە سەرقاڵی ئەم کارەیە بە جۆرێك لە جۆرەکان و دەشێت حکومەت بە هەمان شێوە ئەویش سەرقاڵی پرۆسەیەکی لەو جۆرە بێت، بەلام چونکە هەریەکە بۆ خۆی کاری تێدا دەکات بە تەنها ئەوپەڕی ئەوەی دەخرێتە بەردەستیان دامەزراندنی تیپێکی موسیقی و ئۆرگێکە، واتە بایەخدانەکە بەو شێوە فراوانە نییە کە ئێمە قسەی لەسەر دەکەین، لێرەدا بۆ دەزگەیەکی وا کە دەشێت ناوبنرێت(دەزگەی لاوە بەهرەدارەکان) ئەم دەزگەیە حکومەت هاوکاری ماددیی بکات و دەشتوانێ سەرپەرشتیاری بێت بۆ ئەوەی تووشی گەندەڵی ئیداری نەبێت،

ڕێکخراوەکانیش بێن ئیدارەی ئەم دەزگەیە بکەن و لەوێدا دەورەکان و دەسەڵاتەکان دابەش دەبن، چونکە ئەگەر بە تەنیا لایەنێك بەڕێوەی ببات مەسەلەی گەندەڵی ئەگەرێکی گەورەیە کە ڕووی تێبکات، بەڵام دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بوار دەداتە هاریکاری و کەمکردنەوەی ڕێژەی گەندەڵی، ئەمە کارێکە کە خزمەت بە لاوانی کورد و کوردستان دەکات و دەبێت بۆ ئەوان بێت نەك ببێتە دەزگەیەکی دیکەی حزبی، ئیدارەکە لە ڕێکخراوەکان بێت و پارە و سەرپەرشتییەکەشی لەلایەن حکومەتەوە بێت. بەو جۆرە تەواوی لاوە خاوەن تواناکان و لاوە بەهرەدارەکان دێنە ئەو دەزگەیەوە و لەبەرچاو دەبن، ئەم دەزگەیە ساڵانە دەتوانێت فیستڤاڵێك ساز بکات بۆ قۆرخکردنی هەر توانایەکی تازە و داهێنانی لاوان کە بێن لەو فیستڤاڵەدا نمایشی بکەن و بەوەش نمایشی توانای خۆیان دەکەن و ئەو کات دەزگەکانی ڕاگەیاندنی ناوەوە و دەرەوە داوەت بکرێن کە هەم لە ڕووی ئیعلامییەوە ناسراو بن و کۆمپانیاکان بەرهەمەکانیان و تواناکانیان بقۆزنەوە. کاتێك کارێکی وامان کرد بەوە دەتوانین ئەو هەستە بە لاوان ببەخشین کە بەراستی هەماهەنگییمان لەگەڵدا کردوون و ئێمە خەمخۆری ئەوان بووین و بەوەش پردێك دروست دەکەین بۆ ئاشکراکردن و ناساندنی تواناکانی ئەوان بە دەرەوەی خۆیان، شتێکی لەم بوارە ڕەنگە ئەو دابڕانە نەهێڵێت کە ئێستا دەیبینین و ئەمەش بۆ خۆی خزمەتێکە بە لاوان و بە وڵاتەکەش.

*گەر تەماشای گەنجانی کۆمەڵگەی دیکە بکەین، دەبینین بە ئینتیمایەکی تەواوەوە بۆ کۆمەڵگەکەی خۆی کار دەکات لە پێناو بەرژەوەندی کۆمەڵگە و وڵاتی خۆیدا، بەڵام لێرە هەر گەنجێك زار دەکاتەوە (وەك زۆرینە) هەستدەکات کە ئەم کۆمەڵگەیە بەڵایەکە بەسەر شانیەوە، ئەم تێڕوانینەی گەنج بۆ کۆمەڵگەی خۆی لە وڵاتی ئێمەدا لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟

– ئەم هەستەی کە لەلای گەنج دروستبووە، من لە دوو ڕووەوە تەماشای دەکەم، ڕوانگەی یەکەم لە ڕووی لێوردبوونەوەوەیە، پێشتر کۆمەڵگەی کوردی پەیامێکی هەبوو، بە گشتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی پەیامێکی هەبوو کە دەمانویست بگاتە دوا ئارامگەی خۆی، واتە حزبە سیاسییەکان لەناو مەسەلەیەکی زۆر گەورەدا ئیشیان دەکرد، کە ئارامی هاتە ئاراوە و ئەو حزبانە هاتنە ناو شار و بوونە دەزگە و تێکەڵ بە کۆمەڵگە بوونەوە و دەستمان دایە بونیاتنانەوەی کۆمەڵگە و پێکهێنانی گیانی هاریکاری و کۆمەڵگەی مەدەنی، پێشتر لە شاخدا هەندێك کەس خەریکی خەباتە سەرەکییەکە بوون، ئەوانی دیکە ڕەگەزی لاوەکی و دووەم و سێیەم بوون، کە هاتنەناو شار سیستەمەکە گۆڕا، کە دێینە ناو شار هەمووومان دەبینە خەباتکار و بە شێوازێکی دیکە خەبات دەکەین، واتە بە شێوازێکی مەدەنیانە، لێرە مەسەلەی(پەروەردەی

مـەدەنی) دروسـت دەبێـت، کـە مـن هەسـتیارم بـە کێشـەکانی کۆمەڵگـە و بەشـدارم لـە بونیاتنـانی کۆمەڵگە، کێشەکە لێرەدا بوو کە دەزگە حزبییەکان کاریان لەسەر ئەوە نەکرد کە پەیامێکی دیکە و پـەروەردەی مـەدەنی پێشـکەش بکـەن، واتـە لێـرەدا گـەنجی ئێمـە بـێ پـەیام مایـەوە. ئەمـە یەکێکیان .

روانگـەی دووەم حزبـە سیاسـییەکان و ڕێکخراوەکـان کـە لـە کـۆی ئەوانـە حکومـەت دروسـتبوو، تووشـی هەنـدێك هەڵـەی ئیـداری بـوو، نـەیتوانی ئـەو پـردە لـە نێـوان خـۆی و هـاووڵاتی دروسـت بکات، واتە کێشەکانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەی بەلاوە گرنگ نەبوو، یان ڕەنگە بەلایەوە جێی بایەخ بووبێـت بـەڵام پـەیامی خـەڵك لـە خـوارەوە نەگەیشـتۆتە سـەرەوە، هـاووڵاتیش لـەو نێوەنـدەدا وا تێدەگات کە حکومەتەکەی چ بایەخێکی پێنادات و تەنیا بیر لە بەرژەوەندییەکانی خـۆی دەکاتـەوە و پارە بۆ خۆی کۆدەکاتـەوە، ئیـدی ئـەو گوتەیـە پەیـدا بـوو لـەنێو خەڵکدا کە بـەرپرس بازرگانـە، نازانم ئەم پەیامە لای خەڵك لەسەدا چەندە بەڵام ئەمە پەیامی خەڵکە کاتێك قسـە لەسـەر دەسـەڵات و حکومەت دەکات، لە دیـوێکی دیکـەدا بـەرپرس وا هـاووڵاتی دەبینێـت کـە کابرایـەکی تەمبەڵـە و تەنیا دەمی کراوەتەوە بۆ گلەییکردن، ئیدی لەوێدا هیچ جۆرە پردێك نامێنێ لەنێوان حکومـەت و هاووڵاتیدا، لەو بەیەکنەگەیشتنەدا هەمیشـە ئـەو نامتمانەییـە دروسـت دەبێـت، کـە ئەمـە حاڵـەتی زۆر کۆمەڵگـەی جیهانـە، بـە تایبـەتیش لـەو کۆمەڵگەیانـەی کـە دابـڕان دروسـت بـووە لـەنێوان هـاووڵاتی و حکومـەت و دەسـەڵاتدا، واتـە بارێـك دروسـت دەبێـت کـە پێـی دەڵـێن(ئیغـتیراب) نامۆبوونێك بە یەکدی، واتە هاووڵاتی لەسەر زەوی و خـاکی خـۆی هەسـت بـە غـەریبی دەکات کە ئەمە جۆرە کۆچێکی دیکەیە، هەستناکات هاووڵاتییە، لە زانستە سیاسیەکاندا چەمکی هـاووڵاتی ئەو کاتە دێتە ئامادەبوون کە هاووڵاتی مافەکانی دەستەبەربووبێت لەسەر خاکی خۆی.

*کەواتە گەنجانی ئێمە گەیشتوونەتە ئەو قۆناغە ؟

– بە بینینی من گەنجانی ئێمە ئێستا لەو قۆناغـەدا دەژیـن، بـەوەی کـە بـەردەوام دەڵێن حکومـەت خـەم لـە ئێمـە نـاخوات، دەشـێت حکومـەت کۆمـەڵێك کـاری کردبـێ، بـەڵام نـەیتوانیوە بیگەیەنێتـە خـەڵك، دەبـێ لـە بـارێکی وادا پیشـانیان بـدات، ئـەگینا گـەنج هـەر ئـەوە تێـروانینی دەبێـت، و بەوەش هەستی نەتـەوەیی و هـاووڵاتیبوون و بەشـداربوون و پـەروەردەی مـەدەنی لاوازتـر دەبێـت، واتە گەنجی ئێمە بەو چەمکانە پـەروەردە نـەکراوە، بۆیـە تکـام وایـە لـە گـەنجان کاتێـك لایـەنێك لـە لایەنەکان بە ئەرکی خۆی هەڵناسێت بەرامبەر بە هـاووڵاتی و گـەل، نابێـت ئـەوە بکاتـە پاسـاو کـە ئەوانیش کەمتەرخەم بن و بەردوەشێنی وڵاتی خۆیان بن، چونکە لە دوا دەرەنجامدا مـن هـەر کـوڕ و ڕۆڵـەی ئـەم میللەتـەم، هـەموو شـتێك دەتوانیـت بیگـۆڕیتـەوە، بـەڵام وڵات ناگـۆڕدرێتـەوە، بـە

تایبەتی ئەوانەی دەچنە دەرەوەی وڵات، لەوێ زیاتر هەست بە ئەشق و خۆشەویستی وڵاتەکەیان دەکەن، کاتێ خۆی بە بێ ئاڵا و کیان دەبینێ، ئەو هەستە لەلای هەڵدەکشێت، من لێرەدا ناڵێم چاوپۆشی لە کەمتەرخەمی بکرێت، بەڵکو دەبێ دەستنیشانی کەمتەرخەم بکرێت و بەرادەی زیانلێدانەکەی پرسینەوەی لەگەڵدا ئەنجام بدرێت، بەڵام هەڵەی بەرامبەر نابێ ببێتە هۆکاری ئەوەی کە من هەڵە بکەم، بەڵکو دەبێ هەوڵدانی من ئەوە بێت کە بە رۆڵی خۆم هەستم و ئەرکی سەرشانی خۆم بەجێ بگەیەنم، من دەتوانم دەرك بەوە بکەم ئەم واقیعە بۆچی وای بەسەر هات، بەڵام ناشمەوێت ببمە قوربانی ئەو دۆخەی وای لێکراوە، چونکە لە ئاکامدا بەهۆی فەرامۆشی هەموومانەوە، زیانمەند دەبین، واتە مەسەلەکە بە تەنیا تۆ ناگرێتەوە، بەڵکو لە بەرەنجامەکەیدا یەخەی منیش دەگرێت.

*پرسیارێکت لا دروست کردم، گەر سەیری دەوڵەتانی دەوروبەرمان بکەین، هەرچەندێك دەسەڵات و حکومەتەکەشیان دیکتاتۆر بێت، گەندەڵکار بێت، بەڵام گەنجی ئەو وڵاتانە، وڵاتی خۆیان بە نیشتمانی خۆیان دەزانن، واتە ئێمە هاتووین نیشتمان و دەسەڵاتمان بە یەکدییەوە بەستۆتەوە، ئەمە بۆچی لای گەنجانی ئێمە وایە؟

– پرسیارێکی جوانە، بەرای من ئەوە باکگراوندی هەیە، کوردستان بەشێك بووە لە عێراق و سنوورێکی دیاریکراومان نەبووە، تەنانەت هەندێك کەسێکیش رەنگە بەلایەوە گرنگ نەبووبێت کە رژێمی بەعس بگۆڕێت یان نەگۆڕێت، ئەوەشی روویداوە بە مەسەلەی خۆی نازانێت، کاتێ ئەو رۆژە هات کە ئێمە سنوورێك بۆ خۆمان دابنێین، واتە کیان دروست بکەین، سەرەتا ئەو چەمکەی نیشتمان یان وڵات لە کەسێتی حزبە سیاسییەکان و دواتر لە حکومەتدا بەرجەستە بوو، ئەمە وایکرد لە نەستی(لاشعور)ی ئێمەدا هەردوو چەمکی دەسەڵات و نیشتمان یان وڵات پێکەوە ببەستینەوە و گرێی بدەین، هۆکاری دووەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە شاخ هاتینە خوارەوە کارێك نەکرا بۆ ئەوەی جیاوازی بکرێت لەنێوان دەسەڵات کە کەسێتییەکە و دەشێت بە پرۆسەی هەڵبژاردن و دیموکراسییەت ئەمرۆ لێرە بێت و سبەینێ بگۆڕێت، لەگەڵ نیشتمان کە ناگۆڕێت و هەر دەمێنێتەوە، ئەمە لەلایەکەوە تێگەیشتنێکی هەڵەی دروستکرد کە تەمەنی بەرپرسێك ببەسترێتەوە بە تەمەنی وڵاتێکەوە، واتە پەروەردەکەی ئێمە تەواو نەبووە کە هەر لە سەرەتاوە ئەو پەیامە بگەیەنێت کە تەمەنی وڵاتێك درێژترە لە تەمەنی بەرپرسێك و هەرچییەکیش ئەو بەرپرسە بیکات مانای ئەوە نییە کە ئەمە رەنگدانەوەی نیشتمانەکەتە بەرامبەر بە تۆ، بۆیە ئێمە پێویستمان بە پێداچوونەوەیەکی نوێ هەیە کە ئەشق و خۆشەویستییەکە بۆ خاك و وڵاتەکە بێت، گەر چەند سامپڵێکت بۆ بێنمەوە: میسر خەڵکەکەی خۆشی لە حکومەتەکەی نایە، بەڵام کە تیپی

تۆپی پێیەکەی دەکەوێتە گەمەوە، هەموان دەبنە هاندەری و دروشم بە باڵای وڵاتی خۆیاندا دەدەن، لە ئێران لە لوبنان بە هەمان شێوە ئەم بارە دەبینینەوە، واتە ئەوان هەستناکەن کە دابڕاون لە خاکی خۆیان، بە پێچەوانەوەی ئێمەوە کە ئەو هەستەمان لاکزبووە بە رادەیەکی زۆریش، لێرەدا پێویستە ئەو وێنەیە لە نەستی ئێمەدا بسڕدرێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە متمانە دروست بکرێتەوە، ئەوەش بە لایەنێك یان دەزگەیەك دەکرێت کە دوور بێت لە گەندەڵکارییەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەو پاساوە دروست نەبێتەوە کە فلان بەرپرس گەندەڵە و دەیەوێت ئامۆژگاری من بکات ، واتە کەسێکی متمانەپێکراو دەتوانێت ئەو چەمکانە لای خەڵك بچێنێتەوە.

لە پەروەردەی مەدەنیدا دوو چەمکی گرنگ هەیە، ئەویش هەستیاری و بەشداری، واتە ژیان و گوزەران لەسەر خاکێك و کارکردن تێیدا بەوەی کە هەست بکەیت بەشێکیت لەو خاکە و بەشداربیت لە ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانیدا، بەمەش دەتوانرێت بناغەیەکی پتەو دابمەزرێت بۆ ئەوەی ببیتە بەشێك لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، واتە لەو بارەدا تەنیا وەرگر نابین، بەڵکو نێرەریش دەبین، هەر کێشەیەك لەنێو کۆمەڵگەدا رووبدات دەبێت من هەستیار بم و هاوکات بەشداریش بم لە چارەسەرکردنیدا بە شێوەیەك لە شێوەکان، بەو جۆرە دەرك دەکەم کە ئەم کۆمەڵگەیە هی منە، من زۆرجار ئەو نموونە دێنمەوە و ئێستەش دەیڵێمەوە کە زبڵی نێو شەقامەکانە، رۆژانە دەبینین کە پاشماوەیەکی زۆر فڕێدەدرێتە سەر شەقامەکان، کەسێك دەبینی لە نێو ئۆتۆمبیلێکی دوایین مۆدێلدا دێتە خوارەوە و بیبسییەکە دەخواتەوە و قوتوەکەی فڕێدەداتە سەر جادەکە، یان جگەرەکێشانە کە من بۆ خۆم لەو رۆژانە کەسێکم بینی، تەپڵەکی ئۆتۆمبیلەکەی دەرهێنا و لەسەر شەقامەکە خاڵی کردەوە!! هەرچەندە رەنگە کەسانێك بپرسن ئەی شارەوانی کاری چییە؟ شارەوانی کاری ئەوەیە ئەو زبڵەی ئێمە کۆیدەکەینەوە، ئەو بیباتە جێیەکی دوورتر، بەڵام لێرەدا شەقامەکەت پاك بێت، بەردەمیماڵەکەت پاك بێت، ئەوە مەسەلەیەکە خۆت دەگرێتەوە و دەبیتە بەشێك لە پرۆسەی پاککردنەوەی شارێك کە لە دوا بەرەنجامیدا تەندروستییەکی باشتر بە خۆت دەبەخشێت، نەك هەر ئەمە بەڵکو لە زۆر بواری دیکەدا دەبێت تۆ وەك هاووڵاتی ئەرکێکت هەبێت، بۆ نموونە لەسەر ئاستی گەڕەك، کە ئێمە بەداخەوە دەزگەیەکمان نییە بۆ ئەو مەبەستە، لە گەڕەکدا کۆمەڵێك هەرزەکاری تەمەن 12تا 13 ساڵیمان هەیە، کەسێك نییە پرۆگرامێك دابنێت بۆ پشووی هاوینەیان ئیدی لە بوارێکی وەك وەرزشی یان رۆشنبیری یان هونەری بێت، ئەمە رەنگە توانای بوێت، بەڵام دەکرێت چەند گەنجێکی ئەو گەڕەکە لەسەر ئەوە رێککەون کە ئەم چەند هەرزەکارە کۆبکەنەوە هەفتانە و ئەوەی کە قسەمان لەسەر کرد لە هەستیاری و بەشداری بۆ ئەوانیش بگوازرێتەوە لەبری ئەوەی بەردەوام

له گەڕەكەكەدا بسووڕێنەوە بەبێ ئەوەی سوودیان لێوەربگیرێت، من دڵنیام دایك و باوكی ئەو هەرزەكارانە تەمەنناى ئەوە دەكەن كە چەند گەنجێك لە گەڕەكەكەیاندا هەستن بە رۆڵێكی لەو چەشنە، بەڵام بەداخەوە لە بارێكی وادا لە بری بیركردنەوە لە كارێكی وا لە چاوەڕوانیدا دەژین كە رزگاركەرێك بێت و ئەو كارەمان بۆ بكات یان دەزگەیەك دروست بێت، واتە ئێمە رۆحی فیداكارانەمان نییە و بەشدار بین لە كۆمەڵگەدا، ئێمە زیاتر هەیكەلین وەك لەوەی ئەكتیڤ بین، نازانم چاوەڕوانی چی دەكەین؟!.

* لە میانی قسەكانتدا باسی هاونیشتمانیت كرد كە ئەمەش باسێكی زۆر لە خۆ دەگرێت، چونكە هاونیشتمانی بوون كۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، هاونیشتمانی كۆمەڵێك بنەما و یاسای خۆی هەیە كە رەنگە لە وڵاتی ئێمەدا نەتوانرێت تا ئێستا هاونیشتمانی و بنەماكانی بناسرێت واتە لێرە ناتێگەیشتنێك هەیە لەبارەی هاونیشتمانی و ئەرك و مافەكانی لەلای خەڵك و هەم خۆلادانی دەسەڵاتیش لەم لایەنە، لێرەدا من دەمەوێت بپرسم ئایا ئەركی دەسەڵات چییە بەرامبەر هاونیشتمانی و بە پێچەوانەش؟

–من بۆ خۆم لەدوای تۆژینەوەیەكی وردی جاڕنامەی ماڤ مرۆڤی جیهانیی ، بڕوام بەوە هەیە كە پێش ئەوەی باسی (ماف) بكەم، دەبێ بپرسم ئەرێ(ئەرك)ی من چییە؟واتە لێرەدا حكومەت، پارتە سیاسییەكان، حزبەكان و رێكخراوەكان پێویستە ئەو پرسیارە رووبەڕووی خۆیان بكەنەوە، هاووڵاتی تاك تاكیش بە هەمان شێوە، واتە هەریەكە لە حكومەت و دەسەڵاتدار و هاووڵاتی و گەنج بەو گیانەوە كار بكات كە سەرەتا بپرسێت كوا ئەركم؟

لەو كۆمەڵگەیانەی لە قۆناغی راگوزەرییدان، واتە لە قۆناغی دیكتاتۆرییەوە بۆ دیموكراسییەت دەرۆن، لەوێدا حكومەت دەبێ رۆڵێكی باشتر و كاراتر بگێڕێت، لە سیستەمی دیكتاتۆریدا دەسەڵات لە بری هەموو خەڵك بیر دەكاتەوە، واتە خەڵك هەر خۆیەتی، بۆیە خەڵك لەوێدا لە رووی سایكۆلۆژییەوە(ئیرادە بزرن) و بێ دەستپێشخەری دەمێننەوە، واتە هیچ جموجولێك لە خۆیانەوە نایەت و ئەوان هەنگاوی یەكەم نانێن، بەڵام كە دێیتە واقیعێكی دیموكراسی دەبینی لەوێ خەڵك بە خۆی بەشدارە، خۆی دێت، خۆی دەچێت، خۆی قسە دەكات، خۆی دەزگەكان دادەمەزرێنێت، واتە چاوەڕێ نییە لە سەرەوە بڕیارەكانی بۆ بێتە خوارەوە، تەنانەت لە پێناسەی(كۆمەڵگەی مەدەنی)دا بەو جۆرە نییە كە لای ئێمە باوە، كۆمەڵگەی مەدەنی ئەو بۆشاییانە پڕ دەكاتەوە كە حكومەت دەستیان پێناگات، ئێستە ئێمە لە قۆناغێكداین كە بەرەو دیموكراسییەت دەچین، واتە قۆناغێكی راگوزەرە و هێشتا بە تەواوی سەقامگیر نەبووە، لەلایەك حكومەت ئەو هەموو توانایەی نییە كە بە تەواوی ئەركەكان هەستێت، هاووڵاتیان و

ڕێکخراوەکـانیش بـەو شـێوەیە پـەروەردە نـەکراون مەبەسـتم پـەروەردەی مەدەنییـە کـە خۆیـان دەستپێشخەر بن، لەوێدا بۆشاییەك دروست دەبێت کە لە شوێنانی دیکە کۆمەڵگەی مەدەنی پڕی دەکاتەوە، بۆیە لێرە دەبیَ دەسەڵات دوو بوار بگرێتە ئەستۆ کە کاریان تێدا بکات:

یەکـەم خـۆی هەسـتێت بـە زۆربـەی زۆری ئـەو کارانـە کـە بۆشـایی دروسـتکردووە چـونکە خـەڵك چـاوەڕێی ئـەوە، واتـە ریفـۆرم لـەوێوە دەسـت پێبکـات، هـەنگاوەکان بـەرەو باشـتر لـە قۆنـاغی ڕاگوزەردا دەبێت لە دەسەڵات خۆیەوە دەست پێبکات، چونکە وەك ئاماژەم پێکرد خەڵکی ئێمە هێشتا فێر نەبووە خۆی دەستپێشخەر بێت، بەخۆی بڵێت کوا ئەرکم؟ واتە خۆیان بۆشاییەکان پڕ بکەنـەوە، دووەم ئـەرکی هوشـیارکردنەوەی خەڵکەکـە و ڕووبـەری ئـازادی بـە دەزگـەکان و خـەڵك بدرێت کە ئیدی خۆیان ئەو ڕێچکە بگرن بۆ ئەوەی دەستپێشخەر بن، واتـە هوشیارییەکە وا بێت کە بەراستی پێیان بڵێت: بەرێزان ئێوە چاوەڕێی ئەوە مەکەن کە هەموو شتەکان و هەنگاوەکان خۆم پێی هەستم و بە شێوازێك لە شێوازەکان ببمە دیکتـاتۆر، دەبێـت ئێـوەش فێـری ئـەوە بن کە بەشێك لـە دەسـەڵاتەکان ئێـوە بـن، چونکە گـەر هـەموو شـتێك لـە ئەسـتۆی منـدا بێـت، واتـە هـیچ شتێکمان نەکردووە، من و ئێوە هەردووکمان بەشدارین، لە ساڵی وا بزانم 2000 بوو کۆمەڵگەی مەدەنی نێودەوڵەتی بەشداربوو بە 10 تا 12 ملیار دۆلار بۆ گەشـەپێدانی کۆمەڵگـەی جیهـانیی، لەسـەر حیسـابی خـۆی، ئەمـە بـڕە پارەیـەکی یـەکجار زۆرە، بۆیـە لـەلای ئێمـە حکومـەت بەخـۆی دەبێـت هەسـتێت بـەو ئەرکانـە و خزمەتگوزارییانـە، دواتـر هەوڵبـدات کـە لەگـەڵ هاووڵاتیانـدا بکەوێتـە هەڵمەتێکـەوە بـۆ ئـەوەی ئـەوانیش بێنێتـە نێـو پرۆسـەکەوە و پێیـان بڵێـت بـەرێزان ئـەم قۆناغە ڕاگوزەرە و دەبێت ئێوەش لەمەودوا بەشدار بن

گەر واقیعێکی دیموکراسیتان دەوێت، چونکە گەر کار وا بڕوات ئەو کات ئەم پرۆسـەیە دەبێتـە هـۆی بـە هـەژدیهاکردنی دەوڵـەت، کـۆنترۆڵی هـەموو شـتێك دەکـات، بـەپێی تـۆژینـەوە نوێکـان لـە بـواری دیموکراسـی(حکومـەتی بـاش) ئـەو حکومەتەیـە کـە حکومـەت و کۆمەڵگـەی مـەدەنی و کۆمپانیاکـانی کـەرتی تایبـەت و هـاووڵاتی هـەموو پێکـەوە بەشـدار دەبـن لـە بونیاتنـان و بەڕێوەبردنیدا، بەڵام ئێمە هێشتا لەم قۆناغەدا نەگەیشتووینەتە ئەو ڕادەیە، هێشتا بازرگانەکانی ئێمە هەستناکەن بەشێکن لەم وڵاتە و دەبێت بەشداربن لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، هەروەها ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی، بـا نموونەیـەکت بـۆ بێنمـەوە کەسـایەتیەکی وەك(ڕەفیـق ئەلحـەریری) خـاوەنی کۆمپانیـای(سـۆلیدەر) بـوو ئـەو شـوێنەی لـە ئاکـامی شـەڕی نـاوخۆیی لوبنانییەوە ببووە وێرانە، ئەم هات لەسەر حیسابی کۆمپانیاکەی خۆی ئاوەدانی کردەوە، ئیدی حەریری بووە ئەو کەسایەتیە ناودارە کە دواتر سەرەك وەزیرانی لوبنانی مسۆگەر کرد، ڕاستە

کەسێکی سیاسیی بوو بەڵام لە دەرگای ریفۆرمی ئابوورییەوە توانی دەنگ وەدەست بێنیّ، (بیل گیتس) کە یەکێکە لە ملیاردێرەکانی جیهان و خاوەنی کۆمپانیای (میکرۆسۆفت)ـە، و تەنانەت دەڵێن گەر بەخۆی دەوڵەتێك بوایە دەبووە(36) هەمین دەوڵەت لە جیهان، ئەم کەسایەتیە یەك لەسەر سێی پارەکانی خۆی دا بە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئەوەی بچن خزمەتی خەڵکەکەی پێبکەن، بازرگانی ئێمەش دەبێت بەو گیانەوە بەشدار بێت.

*باسی کۆمەڵێك مەسەلەی گرنگت کرد پرسیار ئەوەیە لە ناو تێکرای ئەم مەسەلانەدا، کێشەی گەنج لە کوێدا دەبینیتەوە؟

– ئەوانەی باسمکرد، گەنج لەنێو هەموویدا خۆی دەبینێتەوە، گەنج داهاتووی ئەم گەلەن، ئەگەر ئەو لە ئێستاوە بەشدار نەبێت، رووە هزرییەکەشی سبەینیّ ناتوانێت پیادە بکات، گەر بەیانی بووە سەرکردە با بزانێت چۆن چارەسەری ئەو کێشەیە دەکات، بەڵام گەنجی ئێمە من وای دەبینم سەرقاڵی کۆمەڵێك مەسەلەی لاوەکییە، سادەن، رەنگە بڵێم هەندێکیان هەقیەتی، با لە حیکایەتێکدا کورتی بکەمەوە: کەسێکی هەژار دەچێتە لای راوچییەك داوای خواردنی لێدەکات، ئەویش دوو رێگە دەخاتە بەردەمی یا ماسییەکی بداتیّ، یان فێری راوەماسی بکات، ئامۆژگاری ئەوەشی کرد کە ئەگەر ماسییەکی بداتیّ، سبەینیّ هەر برسی دەبێتەوە و دەچێتە لای کەسێکی ترو داوای خواردن دەکات، بەڵام گەر فێری راوەماسی بکات، ئەوا پێویستی بە کەس نامێنیّ، کابرا بەوەی دووەم رازی دەبێت، گەنجی ئێمەش تا ئێستا هەر ماسییەکەی دەوێت نایەوێت ببێتە راوچی، واتە بەرهەمهێن نییە، کاتیّ ئەوە باسدەکەم بێگومان بەبەشداری ئەو کەرتە تایبەت و دەزگایانەی دیکە کە لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەتدا ئاماژەم بۆ کرد.

* ئەی چارەسەر لە چیدا دەبینیتەوە بۆ کیشەی گەنجان چونکە پێم خۆشە لە باسکردنی هەر کێشەیەکدا بگەڕێین بەدوای چارەسەریشدا؟

– بە کورتی دەڵێم لە ئیرادەیەکی دڵسۆزانەدا لەنێو دەزگەکاندا، چونکە ئەوە 15 ساڵە ئێمە قسە دەکەین و کاتی ئەوە هاتووە پێکەوە کۆببینەوە و کارێك بکەین، نموونەیەکی وەك (مالیزیا) بە 10 ساڵ پلانی داڕاشت و بڕیاریدا کە ببێتە یەکێك لە وڵاتە پیشەسازییە گەورەکان، لە 1985 دەستیان پێکرد لە 1994 قسەکەی خۆیان بەجێگەیاند، چونکە پلانی هەبوو، دوای 15 ساڵ دەتوانین پلان لە کوردستان دابنێن و دەورەکان بەش بکەین بەسەر لایەنەکاندا.